# بایەخ و ئیشکالیەتی ئۆرگانە مەدەنیەکانی کوردستان لەبەردەم ریفۆرمی کۆمەڵایەتیدا .

**ئاری رەفیق**

**توێژەری کۆمەڵایەتی**



دوابەدوای بەکۆتاهاتنی پرۆسەی ئازاد کردنی بەشێکی گرنگ لەناوچەو دەڤەرەکانی کوردستانی باشوورو بەتایبەتیش دوای پرۆسەی ئازادی عێراق جۆرێك لە گۆڕانکاری فرەلایەن و گشتگیر هاتەکایەوە کە خۆی لە بیناکردنی ئەزمونێکی سیاسی نوێ و دەسەلاٌتی خۆبەڕێوەبردندا بینیەوە، جۆرێك لە ( گۆڕان ) نەك ( پێشکەوتن ) لە کایەو دامەزراوە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنا.بەشێك لەو پەرەسەندنە گرنگەش بنیادنان و پاشان گەشەپێدانی ( دەزگاو ئۆرگانە مەدەنیەکان ) بوو لە کوردستاندا.

پێویستە بڵێین کە لەکوردستاندا دوویاسای سەرەکی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە دەرچوون و بەپێی ئەم دوو یاسایە رێکخراوەکان و کۆمەڵەکان دامەزراون و بە پێی برگەو خاڵ و بەندو پاشان رێنماییەکانی ئەم دوو یاسایە شێوازی کارکردن و ئاستی پابەندبوونی(کۆمەڵەکان، سەندیکاکان، یەکێتییە پیشەییەکان، یانە کۆمەڵایەتییەکان، بنکە و ناوەندە رۆشنبیرییەکان) دیاریدەکرێت. لەم وتارەدا ئامانجمان گەڕانە بەدوای دەستکەوتنی بەرسڤی پرسیارگەلێکداو، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ئەرك و کارو ستراتیژی هەمەلایەنەی ئۆرگانی مەدەنی ، لێرەدا پوختەی چەند ئامانجێك دەخەینە روو لەرێگەی خستنەرووی ئەم پرسانەی خوارەوە :

1- لەم فەوزا کۆمەڵایەتییەی کە ئێستای کۆمەڵگای ئێمە تێ کەوتووە تا چ ئاستێك ئۆرگانە مەدەنیەکان پلانی درێژخایەنیان بۆ جۆرێك لە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی رەنگرێژ کردووە ؟

2- لەقۆناغی کۆمەڵایەتی ئێستای کۆمەڵگای کوردی تاچەند کاری ئۆرگانە مەدەنیەکان هەزم دەکرێت بەتایبەت ئەو ئۆرگانانەی کەبۆ چوونە ناو قوڵایی گرفتە خێزانیەکان دامەزراون ؟

3- ئەو فاکتەرانە کامانەن تاکەکانی خێزانی کوردی ناچارکردووە کە نەتوانێ تەنانەت کێشە ئاڵۆزەکانیشی لەدەرەوەی دەزگای خێزان چارەسەر بکات ؟ ئۆرگانەکان کەمتەرخەمن یاخود پاشکەوتووی کۆمەڵایەتی هۆکارەکەیەتی ؟

4- ئەو دەرهاوێشتانە کامانەن کە تاکی کوردی لەئەنجامی شەرمنی لەدەرکردنی بریاری یەکلایی کردنەوەی کێشەکانیدا لەژیانی کۆمەڵایەتیانەی خۆی و دەوروبەرەکانیدا دەرکەوتوون؟

5- هەیمەنەی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و ( کولتوور ) بەگشتی کە تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردی داگیرکردووە تا چ ئاستێك رێگر بووە لەبەردەم ( پرۆسەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتیدا ) ؟

بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارانەو پاشان شرۆڤە کردنی مەهام و ئیشکالیەتەکانی بەردەم ریفۆرمە کۆمەڵایەتیەکان پێویستە چەمکی ( ئۆرگانی مەدەنی ) و چەمکی ( ریفۆرمی کۆمەڵایەتی ) بەکورتی شیبکەینەوە :

# چەمك و بایەخی ئۆرگانی مەدەنی

بـە دەزگـاو پێكهاتەیـەكی گرنگـی كۆمـەڵگای مـەدەنی دادەنـرێن ، شـوێنگەیەكن بـۆ كۆبونـەوەو بەیەكـەوە كـاركردنی كەسانێك كە بەرژەوەندییەكی هاوبەش بەیەكەوە گرێ ی داون ، هەنگاو دەنێن بـۆ بەدەستخسـتن و هێنانـەدی چـەندین ئامانجی هاوبەش و دیاریكراو ، لەڕێگەی دارشتنی نەخشەی پێویست بۆ برەودان و هوشیاركردنەوەو بـەرەو پێشـبردنی ئاست و توانای تاكەكانی یەكە كۆمەڵایەتیەكان و شۆڕبونەوەیان بەناو قوڵایی دیاردەو گرفتە كان لـەڕووی كۆمەڵایـەتی و فەرهەنگی و پیشەییەوە.بەجیاوازی جۆری كاركردنیان بەهۆی ناچونیەكی و تایبەتمەندی ( كولتوری كۆمەڵگاكان ).

كەواتە لە بەر ئەوەی ڕێكخراوەكان بە یەكێك لە دەزگا و ستونە بەهێزەكانی كۆمەڵگای مەدەنی باسی لێوەدەكرێت ، پێمان وایە ناكرێ بەبێ ناساندنێكی بابەتیانەی (كۆمەڵگای مەدەنی ) بە گشتی شرۆڤەی ڕێكخراوەكانیش بكرێت ، چونكە ئەستەمە لە كۆمەڵگایەكدا بانگەشەی كاری ڕێكخراوەیی و دامەزراوە مەدەنیەكانی تر بكرێت لەیەك كاتدا ئەم كۆمەڵگایە هاوڕا و هاودەنگ نەبیٚ لە پێكهێنان و بیناكردنێكی واقعیانەی بنەماكانی مەدەنیەت . كەواتە لێرەوە دەبێ شوناسی كۆمەڵگای مەدەنی بناسین .

**لەسەدەی بیستدا** (گرامشی) كۆمەڵگای مەدەنی لە چوارچێوەیەكی نوێدا پێناسەكرد و گوتی : كۆمەڵگای مەدەنی مەیدانی ململانێی ئابوری نیە ، بەڵكو مەیدانێكە بۆ ململانێی نێوان ئایدۆلۆژیای جیاوازی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و هەیمەنەی ئایدۆلۆژیا. پاشان دێتە سەر دوایین پێناسەی كۆمەڵگەی مەدەنی وپێكهاتنی ودەڵێت :

**كۆمەڵگای مەدەنی** بریتیە لە تاكە كەس ودەستە نافەرمیەكان بەسیفەتی ئەوەی كە ئەندامێكی چالاكن لەزۆربەی بوارەكانی پەروەردەو ئابوری وخێزانی وتەندروستی ورۆشنبیری وخێرخوازی و چەند بوارێكی تر.

هەروەها دەڵێت : **كۆمەڵگای مەدەنی** پێكدێت لەو دەستانەی لەكۆمەڵناسیدا پێیان دەوترێت (دەزگادووەمییەكان) وەك : كۆمەڵە ئەهلیەكان ، سەندیكاكانی كرێكاران وپیشەییەكان ،كۆمپانیاكانی كارو، ژووری بازرگانیەكان وپیشەسازییەكان و هەموو ئەو دەزگایانەی بەخۆبەخشی كاردەكەن .

دوا بۆچوون لەسەر كۆمەڵگەی مەدەنی كە لەسەری ڕێككەوتوون ولەڕێگەی دیراساتی ئەكادیمی وبەدواداچوونی مێژوویی وسەرهەڵدان وپەرەسەندنی ئەوەیە كە ( كۆمەڵگای مەدەنی كۆمەڵێك كاری ڕێكخراوی خۆبەخشی ئازادانەیە ئەو بوارەی نێوان خێزان ودەوڵەت پڕدەكاتەوە . ئەم كارەش بە ڕێكخراوە خۆبەخشە ئازاداكان دەكرێ لەپێناو بەئاكام گەیاندنی بەرژەوەندی تاكەكانی ناوكۆمەڵگا یان پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بۆهاوڵاتیان یان ئەنجامدانی چالاكییە مرۆییە هەمەجۆرەكان كە لە جێبەجێكردنیدا پابەندە بە پێوەرەكانی ڕێزگرتن و قبوڵكردن ولێبوردەیی وبەشداریكردن وبەڕێوەبردنی ئاشتی خوازانەی هەمەجۆر وجیاواز سەرهەڵدەدات).

## گرنگترین خەسڵەتەكانی ئۆرگانی مەدەنی لە چەند خاڵێكدا :

1. كارێكی خۆویستی ئازادانەی ، خۆبەخشیە .
2. بە شێوەیەكی ڕێكخراو ( منظم ) دەردەكەون .

3. قبوڵکردنی هەمە جۆری و جیاوازی بیروڕا لەنێوان خۆیان وکەسانی تر .
4. هەوڵنەدان بۆ گەیشتن بە دەسەلاّت .
5. لەلایەن (نوخبە)ی کۆمەڵگاوە بەڕێوە دەبرێ.
6. لەچوارچێوەیەکی ( یاسایی ) دا کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەکات.
7. پابەند دەبێ بە خاڵ بەخاڵ و بەندبەبەندی پەیڕەوی ناوخۆی خۆیەوە.

## چەمك و بایەخی ریفۆرمی کۆمەلاّیەتی

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ( چاکسازی کۆمەلاّیەتی ) دەتوانین لە دیدێکی سۆسیۆلۆژیانەوە بلێین کە :
( چاکسازی کۆمەلاّیەتی پرۆسەیەکی کۆمەلاّیەتیە لەلایەن گروپێك یان دەستەیەك یان دەولەت یان کۆمەلێك ریفۆرمخوازەوە هەنگاوی بۆ دەنرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی ( ئایین ، ئایینزا ، نەتەوە ، ڕەنگی پێست ، جیاوازی تەمەن ، جیاوازی رەگەزی ، ئاستی هۆشیاری تاکەکان ، ئینتیمای حزبی ...هتد ) تاك لە کۆمەلگادا بەبنەمای ریفۆرمخوازی دادەنرێن ، چونکە پێش هەموو کەسێك پرۆسەکە پەیوەندیدارە بە ئاست و خودی تاکەکانی کۆمەلگا خۆیەوە ، بەئامانجی دروستکردنی گۆڕانکاری و دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی دام و دەزگا کۆمەلاّیەتییەکان .هەروەها پرۆسەیەکی گرنگی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی ناو دام و دەزگا جیاوازەکانە تەواوی ئەو دام و دەزگایانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەلگاوە هەیە بەتایبەت لەو کۆمەلگایانەی کە گەشە و پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەلاّیەتییان دەگاتە ئاستێك چاکسازی بە بڕبڕەی پشتی هەموو گۆڕانکاری و گەشە کردنەکان دادەنێن ) .
ژیان بەبێ چاکسازی بەردەوامبونی سانا نیە، دەتوانین بلێین چاکسازی بڕیارێکە دەبێت لەناو خودی مرۆڤەوە پراکتیزە بکرێت و گفتوگۆیەکی ناوەکی دروست بکات لەنێوان مرۆڤ خۆی و ناوەوەی خۆیدا، هەرتاکێك پێویستە ئەو بەلێنە لەگەل خۆیدا ببەستێت کەبۆ برەودان بە چاکسازی دەبێت لە خۆیەوە دەست پێبکات لەلایەنەکانی ( ئەقلّی ودەروونی و کردەییەوە) ، هەروەك چاکسازی دەخزێتە نێوپەیوەندییە کۆمەلاّیەتیەکان و لەخێزانەوە دەستپێدەکات و دەگوازرێتەوە بۆ خێل و کۆمەلگاو بە پەیوەندییە نێودەولەتییەکان کۆتایی دێت .
دەکرێت بلێین سەقامگیری چاکسازی بناغەی سەقامگیری سیاسیشە ، هەروەك ریفۆرمی کۆمەلاّیەتی بە واتای گرنگیدانە بە خێزان ودەزگا کۆمەلاّیەتییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری وەك( نەهێشتنی نەخوێندەواری، چارەسەری هەژاری، چارەسەری جیابونەوە، چاکسازی لە مۆڕالّی تاکەکان و ...هتد) ، هەر کۆمەلگایەکیش بڕوای کردەیی بۆ ریفۆرمی کۆمەلاّیەتی بەهێز بێت ئەوەندەش هەنگاو دەنێ تا لە پاشکەوتووی کۆمەلاّیەتی خۆی دەرباز بکات و لە ئاسۆی کۆمەلگایەکی مەدەنی نزیکتر ببێتەوە.
هەرچەند لە ئێستادا ئۆرگانەکانی کۆمەلگای مەدەنی لەسەرتاسەری جیهاندا سەرکەوتنێکی باشیان بەدەستهێناوە ، بە شێوەیەکی گشتیش ڕێکخراوەکان لە کارەکانیاندا زیاتر تەرکیزیان کردۆتە سەر لایەنی رووکەشی کێشەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی فریاکەوتن و چاودێری کۆمەلاّیەتی و پابەندبوون بە سیستەمی ئەو شوێنەی کاری لێ

دەکەن و گرنگیدان بە تەندروستی و ڕێکخستنی خێزان ، ئەگەرچی ئەم لایەنانە گرنگن وجێی بایەخن بەلأم تەنیا خۆشگوزەرانییەکی ڕێژەیی دروست دەکات لەناو کەشێکی نا ئامادەبوو بۆ پرۆسەی چاکسازی .

هەروەك (کلارك) دەڵێ بەشداری ڕاستەقینەی جەماوەر دروست نابێت تەنیا لەڕێگەی داخیلکردنی چاکسازی بۆ ناو دەزگا فەرمییەکان و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم بەهۆی سیستەمی حوکمڕانی ئەو وڵاتانە ڕێگە بە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان نادرێت بچنە ناو دەزگا فەرمییەکان ..

## ئیشکالیەتەکانی بەردەم کارکردنی ئۆرگانی مەدەنی لە کوردستاندا

هەرکەباس لە ئەرك و کاری ڕێکخراوە مەدەنیەکان دەکرێت هاوکات گلەیی و گازەندەیەکی زۆریش ڕوبەڕوی ئەو کەسانە دەکرێتەوە کە لەڕێکخراوەکاندا کاردەکەن ، هەندێ جار بە دوکان ناو دەبرێن و هەندێ جاریش دەکرێن بە سونبولی گەندەڵی.

بۆ خستنەڕووی ئیشکالیەتەکانی بەردەم کاری ئۆرگانی مەدەنی لە کوردستان لەگۆشەنیگای تێگەیشتن و دراسەی تایبەتی خۆمانەوە ڕەهەندە بابەتیەکانی دەخەینە ڕوو :

### 1. ئیشکالیەتی چەقبەستووی نەریتی کۆمەڵایەتی:

هەیمەنەی نەریت کۆمەڵایەتیە کۆنەکان بەسەر تاك تاکی خێزانەکانی کۆمەڵگای کوردیدا، تەحەدیاتێکی دژوارە لەپێش کاری ڕێکخراوە مەدەنیەکاندا ،چونکە ئەو ڕێکخراوانە بۆ ممارەسەکردنی کاری خۆیان پێویستە بچنە ناو یەکەی خێزانەوە و لەوێوە ریفۆرم بکەن ئەگەرنا کاریگەرییەکی درێژخایەنیان نابێت لەسەر ئێستاو ئاییندەی کۆمەڵگا.

سیستەمی ( نێرسالاری ) خێزانی کۆمەڵگای کوردی کەمجار ڕێگا بەتاکەکانی دەرەوەی خێزان دەدات بچنە ناو قوڵایی کێشە خێزانیەکانەوە ، لە پێکهاتەی خێزانی کوردیدا تایبەتمەندی و شاردنەوەی کێشەکان خەسڵەتێکە پەیوەندی تەواوی بە کەسە سەرەکی یەکانی ناو خێزانەوە هەیە ئەوانیش بە شێوەیەکی گشتی لەنێوان (باوك، برا، بە پلەی یەك و هەروەها هەندێجار دایك)دەگرێتەوە، لەکاتی بڕیار وەرگرتندا یان ڕوودانی هەر کێشەیەکدا ئەستەمە ڕێکخراوەکان بتوانن لایەن بن لە چارەسەردا، هەڵبەت بە پلەی دوو دەسەلأتی خێڵ لایەنە لە بڕیاری خێزاندا، لە زۆربەی کێشەکانی ناو خێزان ئافرەت ( کچ – ژن) دەبێتە قوربانی بە پلەی یەك و تەنانەت لەچارەسەریشدا هەر ئافرەت دەبێتەوە بە زەرەرمەندی سەرەکی. تاکو ئەمڕۆش ئاستی کۆمەڵایەتی بەشێکی زۆری خێزانی کوردی هێندە کڵۆڵە لە چارەسەر کردنی کێشەکانی خوێندارییدا

( ئافرەت ) لەجێگەی مەڕومالآت دەبەخشیٚ بۆ ئەو لایەنەی کە لەگەلٚیدا ئاشتبونەوەی خێلٚەکی لەگەلٚ دەکا ، لێرەدا دەپرسین ئۆرگانی مەدەنی بەکامە ڕێگا عەقلٚی چەقبەستوی ئەم پیاوانە بگۆڕیٚ کە لەبری پەنابردن بۆ دامەزراوە یاساییەکان کچی سەربێشکەو زۆرجاریش کچێکی گەورە یاخود دوتاکوسیٚ کچ لەبری سولٚحی عەشایری دەبەخشیٚ بە لایەنی بەرامبەر ؟ تاکو ئەمڕۆش لەناو خودی شارە گەورەکانی کوردستانیشدا ئەم عەقلآنە بونەتە فاکتەر بۆ بەرز بونەوەی ڕێژەی خۆسوتاندنی ئافرەت لە کوردستاندا . بۆ نمونە تەنها لەماوەی 1 / 10 تاکو 31 / 10 – 2007 ، ( 14 ) ئافرەت لە سنوری هەولێرو دهۆك لەژێر فشاری کۆمەلآیەتی و بەکارهێنانی توندو تیژی خۆیان سوتاندووەو ( 6 ) ئافرەتیش بە بیانوی جۆراو جۆر کوژراوە .

ئەم ڕێژە کارەساتبارانە پێماندەلٚیٚ تۆ لەکۆمەلگایەکی هێندە کۆنە خوازدا ژیان دەگوزەرێنی تەنها بە (بە بەهێزتر کردنی دەسەلآتی یاسا ) کۆنترۆلٚی ئەم تراژیدیایە بکەیت و ئەم ڕێژانە کەم بکەیتەوە .

خێزانەکانی ئێمە بەگشتی کۆپیکراوی یەکترن و جیاوازییەکی زۆر کەم بەدیدەکرێت لە نێوانیاندا، نەوە دوای نەوە درێژە پێدەری هەمان سیستەمن، دەبیٚ دان بەو واقیعەشدا بنێین ئەوکەسانەی لەناو ڕێکخراوەکانیشدا کار دەکەن هەمان پەروەردەو نەوەی ئەو کۆمەلگایەن، کە کاری ڕێکخراوەییان وەك کارێکی ڕۆتینی وەرگرتووە نەك وەکو شوێنگەیەك بۆ دروستکردنی ریفۆرم .

بەدەر لەم هۆکارانەش لاوازی ڕۆشنبیری خێزانی و هەیمەنەی توندوتیژی و غیابی لێبوردەیی لەنێوان تاکەکانی یەکەی خێزان بۆتە هەوێنی سەرهەلٚدانی سەدان گرفتی گەورە کەلەڕاستیدا لەتێنەگەیشتنێکی سادەوە هاتۆتە ئاراوەو بووە بەکێشەیەکی کارەساتبار.

### 2. ئیشکالیەتی ناسەقامگیری سیاسی :

یەکێك لە ئیشکالیەتەکانی بەردەم کارکردنی ئۆرگانی مەدەنی ( نەبونی سەقامگیری سیاسیە) ، شەڕی شەش سالٚەی ناوخۆی نێوان پارتە سیاسیەکان بەگشتی و نێوان دووحیزبە سەرەکیەکەی کوردستان بەتایبەتی شەش سالٚی ڕەبەق کوردستانی لە بینا کردنی گۆڕانکاریە (کۆمەلآیەتی و فەرهەنگی و سیاسی و ئابووری و میدیایی ) بەرەو دواوە گەڕاندەوە ، دوای پرۆسەی ئازادی عێراقیش ژمارەیەکی زۆری ئۆرگانی مەدەنی بەشێوازێکی (ناتەندروست و ناسروشتی) دامەزرێنران ، لەئەنجامی بوونی دووئیدارەیی ڕەوشێك دروست بوو کە ڕێژەی ڕێکخراوەکانی سنوری ئیدارەی ئەوکاتی سلێمانی ئەوەندەی ڕێژەی ڕێکخراوەکانی سنوری هەولێرو دهۆك دامەزرێنران .

یەکێك لە لێکەوتەکانی دوو ئیدارەیی دانپێدانەنانی ئیدارەی سلێمانی بوو بەهەردوو یاسای کۆمەلٚەو ڕێکخراوەکان کە لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوون و لە بەرامبەردا بڕیاری ژمارە ( 297 ) ی تایبەت بەمۆلٚەتی ڕێکخراوەکان و سەنتەرو کۆمەلٚەکان دەرچوو . ئەم ئیشکالیەتە تاکو ئەمڕۆش کەبەرهەمی دوو ئیدارەیی بوو چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە .

### 3 .ئیشکالیەتی کەموکوڕی دەقە یاساییەکان :

(ئەنتۆنیۆ گرامشی) پێیوایە یەکێك لە خەسلٚەتەکانی ئۆرگانی مەدەنی ئامادەیی پێشوەختەی کەسانی ( نوخبە )یە ،

بەلآم لە كوردستاندا كەمترين كەسانى نوخبە لەپێكهاتەى سەرەكى ئۆرگانە مەدەنيەكان بونيان هەيە !
جێگەى داخە كەسانێك جگە لە ئامانجى ( ماددى ) هيچ كەناڵێكى تر لەگەڵ كاركردنى ڕێكخراوەيدا كۆيان ناكاتەوە !
يەكێك لە كەموكوڕيەكان كە لەهەردوو ياساى ژمارە ( 15 ) ى تايبەت بە ڕێكخراوەكان و ياساى ژمارە ( 18 ) ى تايبەت بە سەنديكاو كۆمەڵە و يەكيەتى و ناوەندە ڕۆشنبيريەكان دەبينرێت نەبوونى مەرجێكى تايبەتە لەشێوەى ( بەندێكى فەرمى لە ياساكاندا ) بۆ ئەو كەسانەى كە ڕێكخراوى مەدەنى دادەمەزرێنن .
ياسا زۆر ئاسان دەتوانىَ مۆڵەت لە رێكخراوە لاوازو گەندەڵەكان بستێنێتەوە ، چونكە لە هەردوو ياساى ( رێكخراوەكان و ياساى كۆمەڵەكاندا ) بەماددەيەك هاتووە : ( هەر رێكخراوێك و كۆمەڵەيەك لەماوەى يەك ساڵدا نەيتوانى ئامانجەكانى خۆى بەدى بهێنىَ و پابەند نەبىَ بە خاڵ وبەندەكانى پەيڕەوى ناوخۆى خۆيەوە ئەوا بە شێوەيەكى فەرمى لەرێگەى دادگاى بيدائەوە هەڵدەوەشێتەوە ) .

### 4 .ئيشكاليەتى ناسەربەخۆيى ئابورى :

كە خۆى لە ناسەربەخۆيى سەرچاوەى دارايى بۆ ئۆرگانە مەدەنيەكان دەبينێتەوە .
ماوەتەوە بڵێين :
گەرچى ئۆرگانە مەدەنييەكان ئەركيكى گران لە ئەستۆيانە لە قۆناغى ئێستاماندا ، بەلآم ناكرىَ لەسەرو هەموو كەموكوڕيەكانيانەوە رەفزى كارى دامەزراوە مەدەنيەكان بكرێت ، لەپێش هەمووشيانەوە فراوانتر كردنى پانتايى كارى ڕێكخراوە مەدەنيەكانە ، گرنگتر لە رێكخراوەكانيش ئامادەگى دەزگاى خێزانە بۆ دروست كردنى ريفۆرم ، چونكە خێزان رۆڵى دەولەتێكى بچوكراوە دەگێڕىَ .
ئۆرگانى مەدەنى ناتوانێت ببێتە هێزێك بۆ دروستكردنى گۆڕانى كۆمەلآيەتى كردەيى تاكو بەر لەكاركردن و دامەزراندن خۆى يەكلايى نەكاتەوە لەبەردەم كاركردنى داهاتووى خۆيدا ، تانەزانى بۆچى دمەزراوەو بۆ كىَ ئيش دەكاو هەست نەكا بەوەى هەڵگرتنى ئەم پەرپرسياريەتە لاوازبون تێيدا چەندە دژوارە .!